رۆژنامەیەكی ئەلكترۆنی رۆژانەی كشتی سەربەخۆی كوردیە
www.kurdistannet.org
6-6-2007 23:52بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## تۆ بڵێیت پەرلەمانی كوردستان ژن كوژ نەبێت؟!! ... تاڤگە سابیر

كوا یاسا سەروەری هەموومانە كە لە هەموو دامودەزگای پارتە كان و حكومییەكاندا گیراوەتە شوشە و چوارچێوە!! ئەگەر لە پرسێكی وادا ئەم دروشمە بەرجەستە نەكرێ، ئەی بۆ كەیتان هەڵگرتووە؟ پەرمانی كوردستان وە زحتان باشە! ئەو پەرلەمانە ڕەزێك بە كۆمەڵگا سودی زیاتر لێوەدەگرێت، نازانم كەی بەخەبەر دێیت. هیچ نەبێت رێز لە یاساكانی خۆتان بگرن. ئەو یاسای پەرلەمانی كوردستان دەركردوە یاسای رەجم كردنی ژنان كوشتنی ژنان لەكێواكان لاشەكانیان فڕێداوە و سووتاندنی ژنان و ئەتك كردنی ژنان و لووت برینی ژنان دەست درێژ كردن لە سەر ژنان تۆ بڵێت پەرلەمان خۆی ژن كوژ نەبێت؟!! بۆیە هەمیشە دەڵێن یاسا سەروەرە بڵێ یاسایەكە سەروەری هەموو یاساكانە بۆیە ناتوانن بەرگری لە ڕەشە كوژی ژنان بكەن. چونكە ئەگەر بەرگری بكات دەبێت خۆیان لە ناو قەفەزی دادگاكان دانیشن لەبەر ئەوی پەرلەمانی كوردستان خۆیان تاوان باری گەورەن، ئەو یاسایانەی كە هەمووی لەسەر رەفەكانی پەرلەمان دانراوە و پەراوێز خراون و تۆزیان لەسەر نیشتووە. ئەوە یاساكانی پەرلەمانە كە لە ماڵی خۆیان پەلكێشی كۆڵان دەكرێت و سوكایەتی پێ دەكرێت. بۆچی دەسەڵات لەسەر ئەم پرسە كۆنانە ڕادەوەستێت و دەستی پێوە دەگرێت و پارێزەری سەرسەختیەتی، تێڕامان و خوێندنەوەی ئەم پرسانە دەتوانێت دەرگایەكمان بۆ بكاتەوە، تابەهەوڵی هەموولایەك جوان بێت. خاوەنی قوتابخانەیەكی فكری نین تاهەوڵ بدرێت دابشۆرێن، دەسەڵاتی كوردی سوود بەخش نییە، واقعێكی تاڵ و ڕەشە ماناكانی ژیان. كۆمەڵگای كوردی چاوەڕوانی عە قڵی كە سانی وەكو جێگری پەرلەمانەكامان بین كە قاچ ژنی كوردیان دەشكاند بەفەرهەنگی خێڵ و ڕیش سپیان كۆمەڵگابەڕێوە بەرێت بۆیە ئەو كارەساتانە ڕودە دا. رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی و مافی مرۆڤ و گەشەپێدانی دیموكراسی و بە تواناكردنی ژنان ... هتد ئەوە ئامانج و دروشمە بریقەدارەكانی ئێوەیە، كە ژنان لاشەیان لەكێواكان فڕێدەدرێت یان رەجم دەكرێت ئەگەر هیچتان پێ ناكرێت پارێزگاری لە خۆتان بكەن، بائەویش وەك یاساكانی پەرلەمان تۆزی لەسەر نەنیشێ.



ژنكوژی لەناو كوردەواریشدا مێژوویەكی ناشرین و ترسناكی هەیە و مۆرێكی ئابڕووبەرە بە ناو چەوانی هەموومانەوە. لە چەند ساڵی رابردوودا بینیمان چەندین ژن بە دڕندانەترین شێوە كوژران. ژنكوشتن لە زۆربەی خێڵەكوردییەكاندا لە تاریكییدا ئەنجامدراوە، قوربانییە كە براوەتە دۆڵێك یان ئەشكەوتێك، لەوێ بەدزییەوە سزایەكی ترسناك دراوە، یان قوربانییەكە بە گوریسێك بەستراوەوەو لە شەوێكی ئەنگوستەچاوا فڕێدراوەتە گۆمێكی قووڵەوە، وەك ئەو تاوانەی كە لە چەند ساڵی رابردوودا لە دەریاچەی دوكان ئەنجامدرا. دیمەنی كوشتی ژنان لە نێو سرووتێكی ترسناكدا، پێماندەڵێت ئەو كۆمەڵگایانەی كە لە ئاهەنگی ترسناكداو لەناو خوێن و بە دەوری قوربانییەكاندا سەمایانكردووە، كۆمەڵگەی راگوزەری مێژوویی نین، بەڵكو بەشێكی راستەقینەی وڵاتی ئێمەن. سەرۆك وەزیرانی كوردسان لە كۆبونەوەیەكی ڕۆژنامەگەری ئامازەی بەوە دا كە ئەو هەموو زوڵمە لە ژنانی كورد دەكرێت، بەڵام یاسایەك دەرناكات بەرگری لەو هەموو زولمە ی لە ئافرە تان ئە كرێت بكات، دەبێت هۆیەكی چی بێت؟ یان دەبێت چی لە پشت ئەمە بێت كە ناتوانن بەرگری لەم ڕەشە كوژیە بكەن؟ بە حورمەتێكی زۆرەوە سەرۆكی وەزیری كوردستان دێمە خزمەت جەنابتان، جاران گەلی كورد و ئێستاش عێراق بە جاماوەر و حكومەت و حیزبە سیاسییەكان لە هەموو ئەو ئەگەرانەدا، كە دەگەنە دەرگای داخراو و كێشەكان لێك دەئالوسكێ لە هەموو بەشە ستراتیجییە گرنگەكان، پەنا بۆ جەنابت دەبەن،

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سوکایەتیکردنە بە کە سایەتی ژنان کورد، کە هەمیشە جێگای گرنگی و بایەخی بەڕێزتان بوون، هیچ یاساورێساو ئایینێک پێی قبوڵ ناکرێت، بۆیە لەم پرسەشدا دێینە خزمەت جەنابت. لەم هات و هاوارەی ئێستاش بتەوێ مرۆڤ کامڵ جاردەی ئەوا بێ شک جارێکیتر هەوڵدانە بۆ زیندو کردنەوەی خورافات و ئەفسانەیەکی تر.. لەم جۆرە سیاقەشدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کەهیچ سیستمێکی کۆمەلایەتی ناتوانێ بەتەنها مژدەی دواهەمین قۆناغی ژیانی کۆمەڵگای بەشەری راگەیەنێ، چونکە ئەو مژدە بەخشینە لەژێر پەردەی هەر ئایدیار فەلسەفەو ئاین و بۆ چونێکەوە بێ، ئەوا یەکسانە بە لە قاڵب دانەوەی مرۆڤ و مەرگی مرۆڤە کان. ئەمرۆ ئەو راستیە بەجوانی دەبینرێ، کەلەژێر بەرگی هەموو ئەو وێنە جوان و سیحراویانەدا ناشیرنترین رەنگێک لەخود ویستی خۆی حەشارداوە، ئەویش کوشتنی رەنگی پاک و سادەو سەرەتاکانی دونیای سۆزو بەها مەزنەکەی عیشقە کەبۆ سەدان و هەزاران ساڵ دەچێ مرۆڤ کردویەتی بەرەمزی خۆبەستنەوەیەکی خەیالٌی و ئەبەدی بەژیانەوە، هەربۆیە بەلامانەوە سەیر نەبێ ئەگەر کەسێکمان رامان وا بوو کەبەجیهان کردن تەواو لەسەر حسابی ملێۆنا مرۆڤی ستەملێکراوە هاتوەتە مەیدانی پێشبڕکێ و خۆنواندن.
سوێد 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.